دکتور سالح ئیبراهیمی



پاداشی ئەوانە لای پەروەرێنەریان باغگەلێکی هەمیشەیی بەهەشتە کە چۆمەئاو بەخوڕ بە بن دارەکانیدا دێ، بۆ هەمیشە لەوێدان، هەم خوا لەوان ڕازییە و هەم ئەوانیش لە خوا ڕازین، ئەم پلە بەرزە بۆ کەسێکە کە لە پەروەرێنەری بترسێ ﴿٨﴾

## سوورەی زەلزەلە

**سوورەی زەلزەلە لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

هەر کاتێ زەوی بە بوومەلەرزەکە هاتە هەژین ﴿١﴾ ئەم زەوییەش گرانباری خۆی وەدەر خست ﴿٢﴾ مرۆیش پرسی: زەوی چییەتی بۆ وا دەکا؟ ﴿٣﴾ لەو ڕۆژەدا زەوی هەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە ﴿٤﴾ لەوەی کە پەروەرێنەرت پێی ڕاگەیاندووە ﴿٥﴾ لەو ڕۆژەدا خەڵک بە پرش‌وبڵاوی لە گۆڕ دێنە دەرێ تا ئاکامی کاریان نیشان بدرێ ﴿٦﴾ جا هەرکەس بە ئەندازەی قورسی و سەنگایی مێرووله زەرەدی هەرە وردیلە یا زەڕڕەیەک کاری چاکی کردبێ (جەزای) ئەبینێ ﴿٧﴾ هەرکەسیش بە ئەندازەی سەنگایی مێرووله زەرەدی هەرە وردیلە یا زەڕڕەیەک خراپەی کردبێ، (سزای) ئەبینێ ﴿٨﴾

## سوورەی عادیات

**سوورەی عادیات: چارەوێ، لە مەککە هاتۆتە خوارێ تۆ بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بە ئەسپانی تونڕەو کە بە پرمەپرم (بەرەو مەیدانی جەنگ) بەرەو پێش ئەڕۆن ﴿١﴾ بەوانەیش کە ژێر سمیان پریشکە ئاور و ئاورینگ دێنن ﴿٢﴾ سوێند بەوانەیش کە لە بەرەبەیاناندا هێرش هێنەرن ﴿٣﴾ بە هۆی ئەوە تۆز و خۆڵ هەڵدەستێ ﴿٥﴾ بەڕاستی مرۆڤ لە ڕاست پەروەرێنەریدا سپڵە و هەقنەناسە ﴿٦﴾ بەڕاستی ئەو خۆیشی لەسەر ئەمە شایەدە ﴿٧﴾ بەڕاستی ئەو ماڵی زۆر خۆشدەوێ ﴿٨﴾ جا ئایا نازانی ڕۆژێ تەواوی ئەوانەی لە گۆڕدان زیندوو بکرێنەوە و لە گۆڕ دەرخرێن و بڵاو بکرێنەوە ﴿٩﴾ ئەوەی لە دڵ و دەروونـدا نهێنە، ئاشکرا بکرێ ﴿١٠﴾ بەڕاستی پەروەرێنەریان لەو ڕوژەدا بە ناخیان ئاگەدارە ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi